# پیاوانێک موڵکی خوای گەورە بە ناهەق بەکاردەهێنن (بە فیڕۆی دەدەن ومافی خۆی پێنادەن)؛ ئەوا دۆزەخ بۆ ئەوانەیە لە ڕۆژی قیامەتدا

لە خەولەی ئەنصارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «پیاوانێک موڵکی خوای گەورە بە ناهەق بەکاردەهێنن (بە فیڕۆی دەدەن ومافی خۆی پێنادەن)؛ ئەوا دۆزەخ بۆ ئەوانەیە لە ڕۆژی قیامەتدا».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کەسانێک لەپوچەڵدا ماڵ وسامانی مسوڵمانان بەکاردەهێنن، وبە ناهەق وەریدەگرن، ئەمیش مانایەکی گشتیە سەبارەت بە سامانەکان لەڕوانگەی کۆکردنەوەیان و بەدەستهێنانیان لەڕێگایەکەوە کە حەڵاڵ نەبێت، وهەروەها خەرج نەکردنی لە شوێنە دروستەکانی، ئەمیش هەموو سامانەکان دەگرێتەوە لەماڵی هەتیو و وەقف ونکۆڵی لە سپاردەکان و بردنی سامانێک بێ ئەوەی شایستە بێت لە سامانە گشتیەکان. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە پاداشتی ئەوان دۆزەخە لەڕۆژی قیامەتدا.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee